# دۆزینەوەی کار

Espen Stranger-Johannessen
Sunniva Høiby-Øiset
Dler Piran
4
کوردی ckb

ئەلیشا پێویستی بە دۆزینەوەی کارێک هەیە چونکە خێزانەکەی پێویستی بە پارە هەیە بۆ خۆراک و جل و بەرگ.

ئەلیشا لە وڵاتی خۆی کاری نەکردووە، بەڵام لە چێشتلێناندایشە و حەز دەکات قسە لەگەڵ خەڵک بکات.

ڕەنگە بتوانێت لە خواردنگەیەک کار بکات؟ ئەلیشا لەسەر ئینتەرنێت بەدوای کاردا دەگەڕێت.

ئەو ڕیکلامێک دەدۆزێتەوە بۆ چێشتلێنەری، کە کەسێکە کە لە خواردنگە خواردن لێدەنێت.

ئەو بۆ چاوپێکەوتنی کارەکە دەچێت. بەڕێوەبەری خواردنگەکە پێی دەڵێت کە ئەوان پێویستیان بە کەسێکە کە پێشتر وەک چێشتلێنەر مەشقی کردبێت.

ئەلیشا بێهیوا بووە، بەڵام کۆرسێک وەردەگرێت بەناونیشانی “خواردن و میوانداری.” هیوای وایە ئەوە یارمەتی بدات کارێکی دەست بکەوێت لە خواردنگەیەک.

ئەلیشا دەبێ لە خواردنگەیەک کار بکات وەک بەشێک لە کۆرسی مەشقەکەی. پارە وەرناگرێت، بەڵام ئەزموونی کارکردنی دەست دەکەوێت.

ئەو وردەکاریی کۆرسەکە بۆ سیڤیەکەی زیاد دەکات. سیڤی باسکردنێکی هەموو ئەو کارانەیە کە ئەنجامی داون لەگەڵ هەموو ئەو کۆرسانەی وەریگرتوون.

جۆری داهاتوو کە ئەلیشا دەچێتە چاوپێکەوتنی کار لە خواردنگەیەک، ئەو کارەکەی پێ دەدرێت. کارەکە قورسە. بە زۆری پێویستە ئێواران کار بکات، کاتێک منداڵەکانی لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو سەربەرزە کە کرێکی بەدەست هێناوە تا بتوانێ خواردن و جل بۆ خێزانەکەی بکڕێ بەپڕەی خۆی.

# LIDA Stories

lidastories.net

## دۆزینەوەی کار

Espen Stranger-Johannessen
Sunniva Høiby-Øiset
Dler Piran

CC BY